# ئەمریکا: هەوڵێک بۆ پەیوەندیکردن

**سەردار عەزیز**

رەنگە پێناسەکردنی ئەمریکا ئەمرۆ لە هەموو ساتەوەختێکی تر هەنوکەیی تربێت. ناسینی ئەمریکا بەشێکی هەرسەرەکی ودانەبراوی سیاسەت و ژیاری ئێمەیە. بەڵام کەلتوری ئێمە کەلتورێک نیە کە خەمی ناسین بخوات. کەلتوری کوردی زیاتر بایەخ بە وورتەوورت و چرپەچرپ و قسە و قسەلۆک و پروپاگەندەو ئەو چی ووت و ئەم چی ووت و سەردێری هەواڵەکان ئەدات. کەلتوری ئێمە وە هەروەها سیاسەتی ئێمەش ئامادەنیە دونیا وەک خۆی ببینێ بەڵکو هەردەم لە هەوڵی ئەوەدایە کە دونیا لە سەر شێوازی عەقڵی کوردی وێنابکات. دیاریترین نموونە لەم بوارەوە ئەو پرسیارەیە کە سالانێکە بەسەر خیتابی سیاسی کوردیا زاڵە ئەویش: ئایا ئەمریکا دۆستی ئێمەیە یان دۆستمان نیە. ئەوەی ئاشکرایە ئێمە وەک خەڵکی سادە ژمارەیەکی بێشومار جار لەدەم دەمراستەکانی حیزب و لایەنەکانەوە لە مینبەرە جیاکانەوە لەوە دڵنیاکراینەوە کە کورد و ئەمریکا پەیوەندیان پتەوە و زۆر زۆر دۆستی نزیکی یەکترین؛ لە شەر دژ بە تیرۆر و لە گۆرانی ناوچەکە بۆ بەهەشتی دیموکراسی. بەڵام بۆ لەپر هەموو شتێ گۆرا!!

ئەمریکا، نە دۆستە نە دوژمن، نە چاکە نە خراپ، نە خیانەتکارە نە خاوەن پەیمان، زۆر بە سادەیی ئەمریکا ئەمریکایە. ئەگەر هاتوو ئەمریکا پەیوەندی پێوەکردین ئەوە مانای ئەوە نیە بوەتە دۆستمان، ئەگەر دژایەتیشیکردین ئەوە مانای ئەوە نیە بوەتە دوژمنمان. ئەمریکا نە دۆستایەتی ئێمە ئەکات نە دژایەتی، بەڵکو ئێمە بەشێکی زۆر بچوکین لەدونیایەکی پان و بەرین و ئالۆزو تێکچراژاو کە ئەمریکا دەیەوێ دایبرێژێ و بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی ببیات بەرێوە. لە سەرەتادا با بپرسین بۆچی هەڵەیە هەوڵبدەین ئەمریکا وەک دۆست یان دوژمن بناسیین. یەکەم هەڵە ئەوەیە، پۆلێنکردنی ئەمریکا بۆ یەک پێکهاتە کارێکی سادەکاری ساویلکەیی و نیشانەی بێئاگاییە بەکورتی زۆرهەڵەیە. چونکە وەک ئاشکرایە ئەمریکا لە کۆمەڵێک هێزی تێکەڵی ئالۆز پێکدێت کە هەرگیز دید و دونیابینیان وەک یەک نیە. ئەم هێز و دیدانە هەردەم لە ململانێی یەکتردان بۆ چەسپاندن و سەپاندن و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان. هەریەک لەم هێزانە بوار و ناوەندی خۆیان هەیە کە بەپێی سەردەم و کات و گۆرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان دەگۆرێن.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە هیچ شتێک لە ئەمریکادا چەسپیوو جێگیر نیە.بنەمای چەسپیوو نەگۆر بوونی هەیە بەڵام ئەو نەگۆر و چەسپیوانەش هەردەم شێواز و رێگایی خۆیان دەگۆرن. یەکێک لەو چەسپیوە دیارانە سەرمایەداریە. ئەمریکا وولاتێکی سەرمایەدار یان کەپیتالیزمە. کەپیتالیزم سیستەمێکی هێندە ئالۆزە کە باسکردنی چەندان ساڵ و چەندان کتێبی قەبە قەبەی دەوێت. بەڵام یەکێک لە سیما دیارەکانی کەپیتالیزم کە تارادەیەکیش سیاسەتی ئەمریکیش ئەوەیە کە کەپیتالیزم بێبراوایە. مەبەست لە بێبروابوون چیە. لێرەدا هەوڵئەدەین بە نموونەیەک لیکی بدەینەوە. ئەوەی جێگیر و نەگۆرە لە سەرمایەداریدا قازانجە. بەڵام کەپیتالیزم بایەخ بەوەنادا چۆن بگاتە قازانج، بەڵکو تەنها بیرلەوە ئەکاتەوە چۆن قازانج بکات. بە مانایەکی تر شێواز و رێگای ئیشکردن یان بیزنیس گرنگ نیە بەڵکو ئەوەی گرنگە ئایا دەرئەنجام قازانجە. لێرەوە هەموو کەسێ کۆمەڵێ، پێکهاتەیە، تەنانەت نەتەوەیەکیش دەبێتە جێی بایەخ ئەگەر ببێتە مایەی قازانج. بە هەمانشێوە لە سیاسەتیشدا. بۆیە ئەوەی گرنگە هەردەم لەبیردابێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکادا ئەوەیە، ئایا ئێمە لە قازانجی ئەمریکاین. لەلایەکی ترەوە، ئەمە هێندە ئاسان نیە، ئەوەی زۆر گرنگە و پێویستە هەردەم لەبیربێت ئەوەیە کە، گرنگ ئەوەنیە کە ئێمە وابیرکەینەوە کە لە قازانجی ئەمریکاین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا ئەمریکا بروای وایە ئێمە لە قازانجی ئەوین. لێرەدا سروشتێکی تر لە قازانج دێتە ئاراوە ئەویش ململانێی

قازانجەکانە. هەرکاتێ قازانجی گەورەتر هەبوو قازانجە بچکۆلەکان لە ناوئەبرێن. بۆیە دەبێ هەردەم لە پیاچونەوەی پلانەکانماندا بین. ئەگینا دەبینە دەرخوادی ماسیە گەورەکان.

بەشێکی گرنگی تری ئەم هاوکێشەیە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە بەشێوەیەکی گشتی. لێرەدا پێویستە هەندێک لە سەر سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوخۆی وولات بوەستین. هەندێک قوتابخانە هەیە بروایان وایە پەیوەندی نیە لە نێوان سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوەوە، بەڵام ئەم قوتابخانەیە هێندە لاوازە پێویست بەوەناکات کاتی خۆمانی پێوە بەفیرۆبدەین. ئێمە بروامان وایە کە سیاسەتی ناوەوەی وولات چیەتی و چۆنێتی سیاسەتی دەرەوە دائەرێژێ. کەواتە ئەوەی زیاتر بەبایەخە سیاسەتی ناوخۆیە، ئەمیش لەبەرئەوەی ئەمریکا وولاتێکی دیموکراسیە، وەک لە دەستورکەیدا هاتوە دەسەلات لە خەڵکەوەیە بۆ خەڵک. ئەمە بەو مانایەدێت ئەگەر هاتوو ئێمەی کورد هیچ کاریگەریەک یان بوونێکمان لە ناوخۆی ئەمریکادا نەبوو ئەوا زۆر بەئاسانی ئەمریکا یاریمان پێئەکات. هەرکاتێ ویستی لامان لێئەکاتەوە و هەرکاتێ پێوسیتی نەبوو پشتگوێمان ئەخات. بۆیە ئەگەر ئێمە تەنها وەک بوونێکی دەرەکی بونمان هەبێت ئەوا وەک ئەوە وایە بوونمان نەبێت. هاری ترومان لە کاتی دانپیانانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل دەڵی؛ بۆیە دان بە وولاتی ئیسرائیلدا دەنێم چونکە لە بازنەی هەڵبژاربەکەما سەد هەزار دەنگدەری جولەکە هەیە. بەڵام تەنها عەرەبێک نیە. ئەمە رەنگە خیتابێک بێت بەتاڵ لە ئەخلاق بەڵام حەقیقەتە.

دیارە ئامادەبوون لە ناوخۆی ئەمریکا چەندین شێوازی جوداجودای هەیە، کە قسەکردن لەسەری ئەمانبات بۆ قسەکردن لەسەر هونەری لۆبیکردن و چۆنێتی لۆبیکردن، کە ئێستا مەبەستی ئەم باسە نیە. ئەگەر کێشەی ئامادەبوون لە دەرەوە و ناوەوە کێشەیەکی سەرەکی بێت ئەوا ئێمە پێویستە لە خۆمان بپرسین چۆن بتوانین وەک نەتەوەیەکی پەرەوازەی شاخاوی لە نێوخۆی ئەمریکادا بوونمان هەبێت. رەنگە ئەمە هەردەم خەونی سیاسەتمەدارانی کوردبووبێت. وەک چۆن مەلامستەفا ئامادەیی خۆی دەرئەبرێ کە کوردوستان بکاتە وولاتی ژمارە پەنجا و یەکی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بەڵام جگە لە خەون و خواستێک بە هیچی تر نەمایەوە. دیارە ئەمریکاییەکان بەباشی لە کاریگەری و گرنگی رۆڵی ناوەکی ئاگادارن بۆیە لە کاتی مانەوەی مەلامستەفا و مەسعود لە ئەمریکا بەردەوام لە ژێر چاودێری دەزگایی ئیستخباراتی سی ئای ئەیدا بوون هەتا بۆ هیچ کەناڵێکی میدیا لێدوان نەدەن.

لایەکی تر پەیوەندی ئێمە لەگەل ئەمریکادا ئەوەیە ئێمە نەگۆرین و ئەمریکا بەردەوام لەگۆراندایە. گۆراو و نەگۆراو پێکەوە نایانکرێ. لەیەکتر تێناگەن، زمانی ئاخاوتنیان بەگوێی یەکتری ئاشنا نیە. لێرەدا مەبەست لە چەمکی گۆران ئەوەنیە کە گوایە ئێمە وەستاوین بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئێمە تا چەند خۆمان دووبارەئەکەینەوە و تا چەند لە راستیا گۆراوین. سیاسەتمەدارانی کورد زوو دەگۆرێن بۆ دلخوشکردنی سیاسەتمەدارانی ئەمریکی. بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەمریکایەکان تەنها بەوە رازی نابن کە دانیشتنەکانا بەگوێیاندا ئەدرێت بەڵکو خۆیان بەدوای دیاریدە و راستیەکانا ئەگەرێن.

لە راستیدا ئێمە وەک نەتەوەیەک ئەوەندە نەگۆراوین، رەنگە زۆر شتمان هەبێت بەڵام زۆربەیان کارتۆنین. تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی سیاسەتی کوردی لە سەر کەسایەتی و تاکە کەس راوەستاوە. ئەمە بۆ هەمووکەسێک ئاشکرایە. ئەم شێوازە لە سیاسەت بۆ ئەمریکاییەکان زۆر ناسراوە، ئەوان هەرگیز وەها بیرناکەنەوە کە مامەڵە لە گەڵ نەتەوەیەکدا ئەکەن بەڵکو بەلای ئەوانەوە تەنها مامەڵە لەگەڵ دوو کەسایەتیا ئەکەن. بۆیە ئەوان لە مامەڵەکردنیاندا بیرلەوە ئەکەنەوە چۆن ئەو دوو کەسایەتیە رازی کەن نەک چۆن لەگەڵ کێشەی نەتەوەیەکا مامەڵە بکەن. جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوەی نەتەوەیەک قسەبکات لەگەڵ ئەوەی کەسایەتیەک قسەبکات.

وەک ووتمان ئەم شێوازی مامەڵەکردنی کەسایەتی لە سیاسەتدا بۆ ئەمریکاییەکان ناسراوە وە خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە. دەتوانین بڵێین ئەم شێوازە لە سیاسەت بەتاڵە لە سیاسەت بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر ئاستی رۆشنبیری و بەرزەمنی کەسایەتیەکە وەستاوە. لە سیاسەتی نێودەوڵەتیا بەم جۆرە کەسایەتیە سیاسیانە دەڵێن کەسایەتی پێغەمبەرانە کە خاسیەت و پێکهاتەی خۆی هەیە، رەنگە ئێستا بواری باسکردنی نەبێت.
ئەم خاڵە دەمانبات بۆ تێروانینی ئەویتر یان ئەمریکا لە سەر ئێمە. وە تاچەند رۆڵی هەیە لە دارشتنی وێنەو پلانی سیاسی دەربارەی ئێمە. ئەم تێراوانینەیە کە کرۆکی تێزە بەناوبانگەکەی نووسەری ناسراو ئیدوارد سەعیدە، لە کتێبی رۆژهەڵاتناسیدا. ئەمریکاییەکان لە نێو دەقە مێژووی و ئەنترۆپۆلۆجی و دیپلۆماسی و سیاسیەکانا بەدوای زانیاریدا بەدوای ئێمەدا ئەگەرێن. زۆربەی ئەو دەقانە لەلایەن کەسانی رۆژئاواییەوە نوسراون کە تا رادەیەکی زۆر وێنەی ئێمە تیایا وێنەی درندەیەکە کە ناتوانرێت ببێتە شارستانی. ناتوانێ حوکمی خۆی بکات، ناتوانێ جگە لە شەر و ئاژاوەو یەکتر کوشتن بە هیچی تر هەستێت. بزوتنەوەکانی ئێمە، رۆشنبیرانی ئێمە لادێین، کە پەیوەندیان لەگەڵ ئەویتردا پەیوەندی ململانی و شەر زیاتر هیچی ترنیە. توانای بەکارهێنانی زمان و عەقڵیان نیە، تەنها لە رێی توندو تیژیەوە پەیوەندی ئەکەن. دیارە زۆر دیدی تر کە دەربارەی نەتەوەکانی تر و ئیسلام بەگشتی بەسەر ئێمەیشدا ئەیسەپێنن. ئەم دیدانە وەها لە هەر سیاسەتمەدارێکی ئەمریکایی ئەکات کە بەگومانەوە مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا بکات. چونکە زۆر بەئاسانی ئەوان بروایان بەدەقەکان زیاترە تا قسە سەزارەکیەکانی ئێمە.
لەهەمانکاتدا ئێمە لەمیانەی ئەم دە پانزەی ساڵەی حوکمی خۆماندا نەمانتوانیوە وێنەیەکی جیاواز لەسەر خۆمان دروستکەین. هەموو هەڵسوکەوتێکی ئێمە ئەوەندە ئاشکرا کارتۆنیە کە نەک ووڵاتێکی وەک ئەمریکا کە بەسەدەها سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و سیاسەتی دەرەوە هەیە بەڵکو منالێکیش هەستی پێئەکات. بۆ نموونە کە ئێمە بێئاگابووین لە راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن تا ساتی دەرچوونی، پاشان کە بۆمان دەرکەوت کە لە قازانجی ئێمە نیە. هەر خێرا توشی قەیران بووین، لە بیرمانچووەوە کە حکومەتمان هەیە، پاش هەفتەیەک پەرلەمان کۆبوەوە بۆ ئەوەی دەربارەی راپۆرتەکە شتێک بڵێت کە لە راستیا هیچیان نەووت یان هیچیان بۆ نەوترا.
بەکورتی ئێمە توشێ نەخۆشیەک بووین کە لە نەخۆشی پاڵەوانی رۆمانە ناسراوەکەی سێرڤانتس دۆنکیخۆتە ئەچێ. ئێمە بروامان بە خۆمان هێناوە کە گۆراوین، هەرچەندە ئەم براوایە هێندە لاوازە هەموو چەند چرکەیەک جارێک پێویستە بە گوێی خۆمانیا بدەینەوە، بەڵام لە راستیا نەگۆراوین. وە تراژیدیا لەوەدایە ئێمە دەمانەوێ ئەویتر کە لێرەدا ئەمریکایە بروابێنێ کە ئێمە گۆراوین.

خەسلەتێکی تر لە فەلسەفەی سیاسەتی دەرەوەی ئێمە، ئەوەیە، ئێمە وەک نەتەوەیەک هەردەم خیانەتمان لێکراوە، کوشت و کوشتاری بێشومار دژمان ئەنجامدراوە بۆیە دەبێت ئەوانی تر بە چاوێکی تر تەماشای ئێمە و کێشەکەمان بکەن. هەرچەندە زۆربەی جار لەبری سیاسەتکردن ئێمە سواڵی بەزەیی ئەکەین. بەداخەوە هەرچەندە ئەمانە راستن بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە بەباشی سودی لێوەربگرین. تراژیدیاکانی ئێمە دەتوانرێ وەک هێزێک بەکاربێت بە تایبەتی وەک هێزێکی نەرم. چەمکی هێزی نەرم لەلایەن جۆزیف نایەوە دارێژراوە وە کتێبێکی لەم بارەوە نووسیوە. نای عەمیدی کۆلێژی حکومەتە لە زانکۆی هارڤەرد. گۆرینی تراژیدیا بۆ هێز پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، پێویستی بە کاری چەند لایەنە هەیە، کە دەکرێ سود لە نموونەی گەلانی تر وەربگیرێت وەک هۆلۆکۆستی جولەکە بە تایبەت. بەلام ئێمە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستا ئەگەر بەراستی حکومەتێکمان هەبێت نوێنەری خەڵک بێت، گەندەڵ نەبێت، دیموکراسی بێت، پەرلەمانێک نەک بۆ خەوتن بەلکو بۆ دارشتنی یاسا و

موناقەشەکردن ئەو کاتە دەبینە خاوەنی باشترین هێزی نەرم وە ئەوانی تریش بە شایستەی دەزانن کە داکۆکی لە حکومەتەکەمان بکەن.
ڕەهەندێکی تر لە پەیوەندیکرن لە گەڵ ئەمریکادا ئەوەیە کە ئێمە دەبێ لە تێگەیشتنی ئاینی بۆ ئەمریکا وازبێنین هەوڵبدەین تێگەیشتنێکی سیاسیمان بۆ ئەمریکا هەبێت. ئەمریکا نە گوڵبارانکەین و نە جنێو باران بەڵکو وەک هێزێک مامەڵەی لەگەڵابکەین، وەک وولاتێک نەک فریادەرەسێک. چونکە ئەمریکا ئەو کاتە نازانێ چۆن لەگەڵ ئێمەدا مامەڵەبکات کاتێک ئێمە دەیگەیەنیە ئاستی پەرستن هەر لە پاش هەڵەیەک دەیکەین بە فیرعەون.
ئەوەی پێویستە هەرگیز لە یادی نەکەین ئەوەیە کە ئەمریکا هێزێکی ئیمپریالیستە. ئەگەر بێتوو لە بەرژەوەندیشمان بێت کە وەک هێزێکی دیموکراتخواز و داکۆکەری مافی مرۆڤ ناوی بەرین ئەوا نابێ هەرگیز ئەوە لەیادکەین کە لەپشت هەموو هەڵسوکەوتیکەوە مەبەستێکی ئیمپریالیستانە خۆی حەشارداوە. ئەمە شاراوە نیە. ڕەنگە بە ڕەنگ و ڕواڵەتی جیاواز جیاواز خۆی پیشاندات بەڵام هەرگیز نهێنی نەبووە وە بیریارە ئەمریکیەکان خۆیان بە ئاشکرا داکۆکی لێئەکەن. تەنانەت ئەوانەش کە نکوڵی لێئەکەن بەجۆرێک لە جۆرەکان لە میانەی خیتابیاندا دەتوانرێت هەستی پێبکرێت. ئیمپریالیست و کەپیتالیزم جارێکی تر هاوشانی یەکتر دەگرنەوە. لە سەرمایەداریدا پارە بەکاردێت بۆ پەیداکردنی پارەی تر. لە ئیمپریالیستدا دەستبەسەراگرتنی سەر زەمینێ ڕێخۆشکەرە بۆ سەرزەمینێکی تر. ئەمەیە یاری مەزن وەک کیپلنگ باسی لێوەئەکات. ئەمە یاریەش کاتێ تەواو دەبیت کە هەمومان مردبین.